سودانی فەرمانی کرد ڕۆژانە ڕاپۆرتێک سەبارەت بەو ڕێوشوێنانە پێشکەش بکرێت کەبۆ پڕۆژەی شاری نوێی سەدر گیراونەتەبەر

ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سودانی فەرمانی کرد ڕۆژانە ڕاپۆرتێک سەبارەت بەو ڕێوشوێنانە پێشکەش بکرێت کە بۆ پڕۆژەی شاری نوێی سەدر گیراونەتەبەر نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ئاژانسی "موتەڵەع"بەدوداچوونی بۆ کردووە تێیدا هاتووە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لیژنەی باڵای پڕۆژەی شاری سەدری نوێی کرد و تێیدا بەدواداچوونی بۆ دوایین ڕێوشوێن و هەنگاوەکان کرد لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، بەمەبەستی بەردەوامبوون لە پڕۆژەکە".

هەر لەو ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش هاتووە کە "لە کۆبوونەوەکەدا دوایین ڕێوشوێنەکانی تەواوکردنی پڕۆژەکە و پێکهاتەکانی ژێرخانی شارەکە و ئەوەی پەیوەستە بە قۆناغی یەکەم کە (11) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت تاوتوێکرا، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کە لە دانیشتنی 26ی تشرینی دووەمی 2024 لەو بارەیەوە درا".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی سەرۆک وەزیران فەرمانی کرد "ڕۆژانە ڕاپۆرتێک سەبارەت بەو ڕێوشوێنانە پێشکەش بکرێت کە گیراونەتەبەر، هەروەها ناردنی بانگهێشتنامەی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمپانیاکانی ڕاوێژکاری بۆ ئەوەی ئەرکی ڕاوێژکاری بۆ پڕۆژەکە و پێکهاتەکانی شارە نوێیەکە لە ئەستۆ بگرن".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردووە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەکەدا هەردوو ڕاوێژکاری تەکنیکی و ڕاوێژکاری ئابووری ڕاسپارد، بۆ کارکردن لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی نیشتیمانی، بەمەبەستی ئامادەکردنی مۆدێلی وەبەرهێنان بۆ قۆناغی یەکەم و قۆناغی دووەم کە (49) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت، و یەکلایکردنەوەی شوێنە دێرینەکان و دیاریکردنی شوێنە پەیوەندیدارەکان و دیاریکردنی مۆدێلی تایبەت بە وێستگەکانی کارەبای شارە نوێکە".